گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpA. 2024
ID No. 910 (PP 1-16)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpA.1

توێژینەوە

# بارودۆخی کورد و ناوچە کوردییەکان لە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی بوەیهیدا

## (334-447ك /946-1055ز)

دیــار مـاهر طــاهر بایشتی*
مهدی عثمان حسین**

* بەشی مێژوو_فاکەڵتیی ئاداب ،زانکۆی سۆران
**بەشی مێژوو_ فەکەڵتیی پەروەردە،زانکۆی کۆیە
diyarmahir8@gmail.com
Mahdi.haruti@koyauniversity.org

وەرگرتن 2023/01/29
پەسندکردن 2023/03/19
بڵاوکردنەوە 2024/04/15

وشە سەرەکییەکان:
کورد،
ململانێ،
ئابووری،
ناوچە
کوردنشینەکان.

## پوختە

کـــــورد وەک ڕەگەزێکـــــی دیـــــار و نـــــاسراو، بەدرێژایـــــی ســـەدەکانی ناوەڕاســـتی ئیســـلامی کەوتۆتـــە ژێـــر کاریگـــەری ململانێـــی ڕەگـــەز و پێکهاتـــە جیاوازەکـــان، یـــەکێکیش لەمانـــە بـــارودۆخی ناوچـــە کوردنشـــینەکانە لـــە ململانێـــی نێـــو بنەماڵـــەی بوەیهییـــە کـــە کـــورد زۆربـــەی کـــات بەشـــداریی کاریگـــەری تێـــدا هـــەبووە، ئـــەوەش بـــەهۆی زاڵبـــوونی دەســـەڵاتی بنەماڵـــەی نـــاوبراو وبـــەکارهێنانیان بەبـــەردەوامی لـــەپێناو بەرژەوەندییـــە کەســـی و نێـــو بنەماڵەییـــەکانیان، ئینجـــا ئـــەوەی تێبینـــی دەکرێـــت ڕۆڵـــی کـــورد لە ململانـــێ و کێبرکێـــی نێـــو بنەماڵـــە و میرانـــی بـــوەیهی، وەکـــوو لـــێکەوتەیەك بە ژیـــار و ژیـــانی کـــوردەوە دیـــارە. ئـــەوەی شـــایەنی باســـە ئـــەم توێژینەوەیـــە تیشـــك دەخاتـــە ســـەر ڕۆڵـــی کـــورد لـــەو ململانێیانـــە و کاریگەرییـــەکانی بەســـەر دۆخـــی هەمەلایەنـــەی ناوچـــە کوردنشـــینەکان لـــە مـــاوەی دەســـەڵاتداریتی بوەیهییـــەکان بەســـەر ناوچەکـــەدا. سروشـــتی تـــوێژینەوەکە وای خواســـتووە، کە دوو بـــاس لەخـــۆ بگرێـــت، لە باســـی یەکەمـــدا هەڵوێســـتی کـــوردان بەرامبـــەر بەناکۆکیـــەکانی بنەماڵـــەی بـــوەیهی خراوەتـــە ڕوو، هەرچـــی باســـی دووەمە تایبـــەتکراوە بـــە بـــارودۆخی ناوچـــە کوردنشـــینەکان لـــە چوارچێوەی ململانێی بنەماڵەی بوەیهی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

ڕۆڵ و کـاریگەری ململانێیـەکان لەسـەر کـورد و ناوچـە کوردنشـینەکان، یەکـێکە لە بـابەتە زینـدووەکانی نێـو مێـژووی کـورد، لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی تا ئەمـڕۆش کـورد کاراکتـەری بەشـێکی زۆر لـە ململانێیـەکان بـووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری بەشێکی زۆری ئەو ململانێیانـە، وەلـێ نەیتوانیـوە خـۆی لە گـرێ و کـاریگەری لێکەوتەکـان دەربـاز بکـات، ئەمەش هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بـوو، بـۆئەوەی ڕۆڵ و کـاریگەری ئەو لێکەوتـانە بخەیـنەڕوو، کە تـاڕادەیەکی زۆر بەربەست بوونە لە بەردەم بنیادنانی ناوەندێکی کورد و گەیشتن بەوەی کە ئەوانی دیکە پێی گەشتوون.

مێژووی ڕووداوەکان هەوێنی سەرەکیان بریتییە لە ململانێی ئەو ڕووداوانەی بوونەتە لێکەوتەی ململانێیەکان، گومان لەوەدانییە کە ململانێیەکان لەنێو سروشتی مرۆڤدا جێگایەکی تایبەتی گرتووە، ئەو جێگا تایبەتییەش لەو بایەخەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەپێناو زاڵبوون، مرۆڤ بۆتە کێبرکێکارێکی سەرەکی، لەگەڵ هاوتوخم و هاورەگەزەکانی خۆی و بەردەوام لە کێبرکێ و ململانێدابووە، چ لەپێناو مانەوە یاخود زاڵبوون بەسەر ئەوانی تردا، دیوێکی تری ململانێیەکان دەرچوون بووە لە ژێردەستەبوون وملکەچبوونی هێزەکانی تر، هەروەها ئەو بەریەککەوتنانە زۆربەیان لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە تێروانینی کەسی دەسەڵاتخواز لەوەوە هەنگاو هەڵدەگرێت کە کردارەکانی بەرامبەری پێ هەڵەن و خۆی پێ ڕاسترە، بەم هۆیەشەوە دەبێتە ئاراستەکەرێکی هێز، و لە ئەنجامدا هێزی هەردوو لایەن بەریەك دەکەون و یەکێکیان دەبێتە ژێردەستە، ململانێیەکان بەشێکیان بەر لە گەیشتن بە ئاستی جەنگ و بەریەککەوتن ململانێی سیاسین، زۆرێکیش لەو ململانێیانە لەلایەن ڕۆڵگێرەکانەوە ئاراستە دەکرێن، کە ئاگر خۆشکەری ئەو بارودۆخەن، واتە جۆشدانی ململانێیەکانن، هەروەها ڕاگرتنی پارسەنگی هێزی ململانێیەکانن، لە لایەکی تر هێزی شکاندنی کێبرکێکارەکانن، بۆیە بە قەدبوونی ململانێییەکان بوونی ڕۆڵگێر و ئامرازەکانی بەردەوامیدانی ململانێیەکانیش گرنگن، بۆیە چوارچێوەی توێژینەوەکەمان لەسەردەمی حوکمڕانی بوەیهییەکانە لەخەلافەتی عەباسی ،تاهاتنی سەلجوقییەکان، لە نێومێژووی بنەماڵەی بوەیهییشدا کورد ڕۆڵگێرێکی سەرەکی بەریەککەوتنی شانۆی کێبەڕکێکارەکان بووە. کورد نەیتوانیوە خـۆی لە گرێ و کاریگەریی لێکەوتەکانی دەرباز بکات، ئەمەش هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوو بۆئەوەی ڕۆڵ و کاریگەری ئەو لێکەوتانە بخەینە ڕوو. سروشتی توێژینەوەکە وای خواستووە، کە دوو باس لەخۆ بگرێت، لە باسی یەکەمدا هەڵوێستی کوردان بەرامبەر بەناکۆکیەکانی بنەماڵەی بوەیهی خراوەتە ڕوو، هەرچی باسی دووەمە تایبەتکراوە بە بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان لە چوارچێوەیی ململانێی بنەماڵەی بوەیهی، شیکراوەتەوە لەسەر کورد و شوناسی مانەوەی لەنێو ئەو هەموو ئاڵنگارییانەدا، لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستووەتە ڕوو.

**1-هەڵوێستی کوردان بەرامبەر بە ناکۆکیەکانی بنەماڵەی بوەیهی (334-447ك/946-1055ز)**

پەیوەندی وبرایەتی نێوان بوەیهییەکان لەسەر بنەمای ڕێز و گوێڕایەڵی یەکتری بنیات نرابوو، ئەمەش بوەیهییەکانی گەیاندە دەسەڵات و توانیان دەست بەسەر بەشێکی زۆری جیهانی ئیسلامیدا بگرن، بەڵام دەوڵەتی بوەیهی لەگەڵ دامەزراندن و فراوانبونیان نەیانتوانی دەسەڵاتێکی ناوەندی پتەو و بەهێز پەیڕەو بکەن بەڵکوو لەگەڵ دەستگرتنیان بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە هەر یەکە و فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی بۆ خۆی قۆرخ کردبوو، بۆیە پایتەختێکی یەکگرتویان نەبوو، ئەمەش شتێکی ئاسایی بوو میرێکی بەهێز وخاوەن دەسەڵاتی بوەیهی سنووری فەرمانڕەوای خۆی فراوان بکات لەسەر حسابی میرێکی تر.

لە سەردەمی عەبباسیدا کورد وەك یەکێك لە نەتەوەکانی ژێر سایەی خیلافەت، توانیان ڕۆڵی خۆیان بگێرن وەك بەشێکی دانەبڕاو لەململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهیدا، ئەم بەژداری کردنەی کوردانیش زادەی چەندین هۆکاربووە وەکو لێهاتوویی سەربازی و کوردان و پاڵنەرەکانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری و جوگرافی بوو(هەروتی، 2008: 22)، یەکەم بەژداریشیان بۆ (ابو الشوك)* دەگەرێتەوە، کاتێك لە ساڵی (339ك/950ز) یارمەتی سەربازیی پێشکەش بە (معز الدولة) (٣٣٤-356ك/٩٤٥-967ز) کرد لە ڕووبەڕووبونەوەی شۆرشی تورکەکان لە ناوچەکانی هەمەدان کە بەسەرکردایەتیی (سبکتکین الحاجب) هەڵگیرسا و لە لایەن (روکن الدولة) (320-366ك/932-976ز) پشتیوانی دەکرا، بەڵام توانیان ژمارەیەکی زۆریان لێ بکوژن و شۆرشەکە لەناوببەن (مسکوية،295:2003؛ ابن الأثير،د.ت:488/8-489). سیاسەتی بنەماڵەی بوەیهی یەکگرتوو نەبوو، بەهۆی ئەوەی هەریەکێکیان لە ناوچەیەك دەسەڵاتدار بوون، بۆیە دەیانویست پارێزگاری لەناوچەکانیان بکەن و زۆرجاریش چاویان دەبریە موڵك وماڵی یەکتر، ئەمەش ڕێخۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکیەکان، بەهۆی ئەوەی کە بەشێك لەو ململانێیانە لەسەر ناوچە کوردییەکان بوون، بۆیە

کوردیش بەشێك بووە لە زۆرێك لەو ململانێیانە. (ابن الجوزي،1992: 182/14؛خليفة،1931: 213). کوردەکان زۆرجار هەوڵیان داوە خۆیان لە ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهی بەدوور بگرن و پشتگیری لایەنێك نەکەن، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە گەلێك جاریش مانەوەی دەسەڵاتیان پەیوەست بووە بە درز و ناکۆکی نێو بنەماڵەی بوەیهی، ئەوەتا هەروەکوو ئەوەی لەدوای مردنی (رکن الدولة) لەساڵی (366ك/977ز) (عضد الدولة) (٣٦٧-٣٧٢ھ/ ٩٧٨-٩٨٣ز) شوێنی باوکی دەگرێتەوە لەناوچەی (الری) و (عز الدولة) (356-367ك/967-977ز) لە عێراق دەسەڵاتداربوو (خلدون، د.ت:840؛ الخالدي،1969: 37؛ أبو سبت،2018: 80)، کاتێك ئەو دوو میرە بوەیهییە لەسەر دەسەڵات دەبێتە کێشەیان و بەرەو ڕووی یەکتر دەبنەوە (عزام،2009: 219 ؛الخالدي،1969: 32)، (عزالدولة) نامە بۆ میر حسنەوەیهی *دەنێرێت بۆئەوەی داوای پشتیوانی لێبکات، ئەویش بەڵێنی هاوکاریکردنی پێ دەدات (مسکویە،2003:426/5؛ الذهبي،2003 :266/8؛ ڕۆژبەیانی، ب.س:56)، ڕاستییەکەی میری حەسنەوەیهی لە هەوڵی ئەوەدابوو سوود لە ناکۆکی نێو بنەماڵەی بوەیهی وەربگرێت، لە بەرژەوەندی میرنشینەکەی، بۆیە کاتێك بەختیار بەسوپایەك بەرەو ڕووی (عضد الدولة) دەچێت و هەریەکە لە میر حسنەویە و (أبو تغلب) حەمدانی بەڵێنیان بە (عزالدولة) دابوو کە یارمەتی سەربازی بدەن لە دژی (عضد الدولة)، دوای ئەوەی سوپایەکانیان لە ئەهواز ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و بەهۆی ئەوەی ئەو یارمەتیە سەربازییانەی پێنەگەیشت و بەڵێنەکەیان نەبردە سەر، بەختیار شکست دەهێنێت و بەرەو (واسط) پاشەکشە دەکات و (عضد الدولة) دەست بەسەر ئەهواز و بەسرە دادەگرێت (مسکویة،2003: 426-427؛ العمری،2010: 173/26؛ ابن الأثیر،د.ت: 672/8)، هۆکاری خۆسڵکردنی میر حەسنەوەیهی لە یارمەتیدانی سەربازی بۆ بەختیار سەرەرای ئەوەی بەڵێنی پێدابوو ئەوەبوو کە حەسنەوەیهی نەیدەویست ببێتە بەشێك لەو ململانێیە، بۆیە چاوەروانی ئەنجامی ئەو ململانێیە بوو بۆئەوەی بزانێت بەکوێ دەگات، مەبەستی بوو لەوەی کامیان سەربکەوێت لایەنگیری ئەو بکات. واتە سەرەرای ئەوەی سوودی لەبەردەوامی ململانێی نێوبنەماڵەی بوەیهی دەبینی سەرقالبوونیان بەململانێیەکانیان لە بەرژەوەندی حەسنەوەیهی بوو، دەیتوانی ئاسانتر دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات و لەترسی کاردانەوەی خراپی (عزالدولة) حەسنەوەیهی داوای لێبوردنی لێدەکات ودوو کوڕی بەناوەکانی (بەدر و عبدالرزاق) لەگەڵ (هەزار سوارە) بۆدەنێرێتە (واسط) بەمەبەستی پشتگیریکردنی لەدژی(عضد الدولة)، بەلام شەڕ ڕوونادات و ئاشتەوایی لەنێوانیاندا بەرقەرار دەبێت (مسکویة،2003: 432/5؛ ابن خلدون، د.ت:847؛ ڕۆژبەیانی، ب.س:56-57؛ خرابشة، 1998: 66؛ المحیمید، 2003: 73).

(عضد الدولة) لە ساڵی (367ك/978ز) دەست بەسەر بەغدا دەگرێت (سبط ابن الجوزي، 2013: 499/17-501؛ القرماني، 1992: 449/2)، دواتریش دەست بەسەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حەمدانیدا دەگرێت، بەناوچە کوردیەکانیشەوە، بۆیە (عزالدولة) پەنا دەباتە لای حەسنەوەیهی، هەرچەندە پێشوازی لێ دەکات، بەڵام یارمەتی سەربازیی نادات و دواتریش لە لایەن (عضد الدولة) دەکوژرێت (ابن الأثیر،د.ت: 690/8-692؛الذهبي،2003: 266/8؛ موکریانی، 2007: 133)، شایەنی باسە حەسنەوەیهییەکان ڕۆڵێکی باڵایان هەبوو لەناکۆکی نێو سەرکردە دەیلەمەکان، یەکێکیش لە هۆکارەکانی بەهێزی حەسنەوەیهیەکان بۆ ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهی دەگەڕێتەوە، بەهۆی ئەوەی زۆرجار بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکانیان سوودیان لە توانای سەربازیی ئەو میرنشینە وەرگرتووە، هەروەکوو لەوڕووداوەی کاتێك (ابو الفوارس کوڕی سلطان الدولة البویهي) پشت بەحەسنەوەیهییەکان دەبەستێت و بە (10 هەزار) جەنگاوەر بەرەو ڕووی برایەکەی (أبي کالیجار)(435-439ك/1044-1048ز) دەبێتەوە لەناوچەکانی فارس (ابن الأثیر،د.ت: 340/9؛خلیل،2013: 171).

بە مردنی (عضد الدولة) لە ساڵی (372ك/983ز) ناکۆکی نێو بنەماڵەی بوەیهی قووڵتر بوویەوە، بەتایبەت لەنێوان کورەکانیدا لەسەر دەسەڵات (العمری،2010: 180/26؛ القرماني، 1992: 449/2؛ الجمل،2002: 11-12)، لەبەرئەوەی میر بەدر پەیوەندی بەهێزی هەبوو لەگەڵ (فخر الدولة) بۆیە لە ململانێی لەگەڵ نەیارانیدا چەندین جار یارمەتی دا، بەتایبەت کاتێك لەگەڵ (شرف الدولة کوڕی عضد الدولة) (٣٧٧–٣٧٩ك/٩٨٨-٩٨٩ز) لە ململانێ دابوو (النقشبندي،2011: 162)، لە سەردەمی (بهاء الدولة) ناکۆکی و ئاژاوە لەنێوان میرە بوەیهییەکان لە لایەك و سەرکردە سەربازییەکانی سەر بە پێکهاتەی تورکی و دەیلەمی دروست بوو لە

عێراق زۆربەی ناوچەکانی عێراقی گرتەوە (الخالدي،1969: 48)، ئەمەش هانی (فخر الدولة)ی دا کە چاو ببرێتە عێراق، کوردەکانیش دەستیان هەبوو لە هاندان و یارمەتیدانی لایەنە ناکۆکەکان بەتایبەت کاتێك میر بەدر لە ساڵی (379ك/989ز) بە چوار هەزار جەنگاوەر پشتگیری (فخر الدولة)ی بوەیهی دەکات کەلەناوچەکانی (رەی) بەسوپایەکەی لەهەمەدانەوە تێپەری بۆ رووبەڕوو بونەوەی (بهاء الدولة) بەڵام هەڵمەتەکە سەرناگرێت و سوپایەکەی (فخر الدولة) لە خوزستان شکست دەهێنێت (الروذراوري،2003: 103/6؛ محەمەد،2020: 95/2؛ رۆژبەیانی، ب.س:62؛ أبو رمضان،1999: 305)، دوای ئەو رووداوە پەیوەندی میر بەدر لەگەڵ (بهاء الدولة) ئاسایی دەبێتەوە، تەنانەت یارمەتیشی دەدات، لەساڵی (387ك/997ز) سوپای (بهاء الدولة) لە ناوچەی (واسط) لەگەڵ (ابو الفتح بن العميد) ئازووقەی لێ دەبرێت و ناتوانێت بەدەستی بهێنێت و سوپایەکەی دوچاری برسیەتی دەبێتەوە، بۆیە داوای یارمەتی لە میر بەدری حەسنەوەیهی دەکات ئەویش پێویستییەکانی لە ئازوقە بۆ دابین دەکات و لەناوچوون ڕزگاری دەکات، دوای ئەو رووداوەش لە پاداشتی هاوکاریکردنی لەسەر داوای (بهاء الدولة) خەلیفەی عەباسی (القادر بالله) نازناوی (نصر الدولة)ی پێ دەبەخشی (الروذراوري،2003: 186/6؛ النقشبندي،2011: 171؛ خرابشة،1998: 69).

عەننازییەکان* وەك هێزێکی کاریگەری کوردی، ملکەچی بوەیهییەکان بوون، بەتایبەت (ابو شوك)ی عەننازی و لە ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهیدا لایەنگیری پێوە دیاربووە و لە ڕووداوەکانی ساڵی (389ك/999ز) و ململانێی (بهاء الدولة) لەگەڵ نەیارەکەی (عز الدولة) بۆ داگیرکردنی هەرێمی فارس و خوزستان، (ابو الفتح) (100سوارە) سەر بە هۆزی شازنجانی* نارد بۆ یارمەتیدانی (الروذراوري،2003: 189/6).

هەرچەندە کورد زۆرجار هەوڵی داوە خۆی بپارێزێت لە ناکۆکی و ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهی بەڵام لەسەر داوای لایەنە ناکۆکەکان بونەتە بەشێك لە ململانێیەکان، بەتایبەت کاتێك (السيدة خاتون)* لەگەڵ (مجد الدولة)ی کوڕی و وەزیرەکەی بە ناوی (الخطير ابو علی) دەبێتە ناکۆکیان ووەزیر دەست بەسەر کاروباری وڵاتدا دەگرێت، هەروەکو (القاشي) لە باسکردنی (مجد الدولة) دەڵێت: ((کەسێکی لاواز بوو جێگیر و بەتەکبیر نەبوو، دایکی خۆی بە ناوی (السيدة) بەند کرد، ئەویش کوڕەکەی لە خشتە برد، تا توانیی خۆی، لە بەندکردن رزگار بکات))( القاشي ،2001: 379-380)، (السيدة) لە ساڵی (397ك/1007ز) پەنا دەباتە بەر میر بەدر، بۆئەوەی هاوکاری بکات بۆ گەرانەوەی سەر دەسەڵات، ناوبراویش بە سوپایەکەیەوە هێرش دەکاتە سەر (رەی) و دەستی بەسەردا دەگرێتەوە و (مجد الدولة)و وەزیرەکەی (الخطير) دەستبەسەر دەکەن (ابن الأثير،د.ت: 204/9؛ القاشي،2001: 380؛ النقشبندي،2011: 170)، و(شمس الدولة)ی کوڕی لە شوێنی (مجدالدولة) دادەنێت لەسەر دەسەلات، ئەمەش کاریگەری و بەهێزی میرنشینی حەسنەوەیهی لەوکاتە ورۆڵی لەیەکلاییکردنەوەی ململانێیەکان دەردەخات، بەڵام دوای ساڵێك لە فەرمانرەوایی (شمس الدولة) دایکی بە ڕوویدا دەگۆڕێت و بە پلانێك (مجد الدولة) لە زیندان ئازاد دەکات و دەیگەڕێنێتەوە سەر دەسەڵات، ئەمەش (شمس الدولة) ناچار دەکات بەرەو هەمەدان پاشەکشە بکات و داوای یارمەتی لە میر بەدر بکات و ئەویش بە سوپایەك گەمارۆی شاری (قم)یان دا بەشێکیان تاڵان کرد، بەڵام خەڵکەکەی ڕووبەڕوویان بوونەوە و هێزەکەیان تێکشکاند (ابن الأثير،د.ت: 205/9؛ زەینەل،2012: 221)، بەمەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆڵی کوردەکان یەکلاییکەرەوە بووە لە بەرژەوەندی لایەنێك لە ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهیدا، میر بــەدر بەپێی بەرژەوەندییەکانی میرنشینەکەی مامەڵەی کردوە و هەندێك جار یارمەتی لایەنێکی داوە کە لە دەسەڵاتی بوەیهییەکان دەرچووە، وەك ئەوەی لە هەمان ساڵدا میر (ابی العباس واصل) لە ناوچەکانی بەسرە لە دەسەڵاتی بوەیهییەکان دەرچوو، توانی دەست بەسەر ناوچەکانی ئەهوازدا بگرێت و بەسەر سوپای (بهاء الدولة) (٣٧٩–٤٠٣ك/ ٩٨٩-١٠٠٩ز) سەربکەوێت، ئەمەش دوای ئەوە هات کە میر بەدری حەسنەوەیهی بە(3000) جەنگاوەر یارمەتی دا، واتە هۆکاری سەرکەوتنی بوو(ابن الأثير،د.ت: 195/9-196؛ الذهبي، 1985: 191/2)، بەڵام لە هەمان ساڵدا دەتوانێت دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت و بیگەڕێنێتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی (تغري بردي،1933: 215/4).

لایەنە ناکۆکەکانی نێو بنەماڵەی بوەیهی، زۆرجار جەنگی بەوەکالەتیان بە کورد کردوە یاخود بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێیەکانیان، کوردەکان بەگژیەکدا بردووە ئەوانیش بە پێی بارودۆخی سیاسیی ئەوکاتە، کەوتونەتە ژێر کاریگەریی ململانێیەکانی

نێو بنەماڵەی بوەیهی، ئەوەتا دوای گیرانی هیلالی کوڕی بەدر (400-405ك/1009-1014ز)لەساڵی(404ك/1015ز)شارەزوور دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی (بهاء الدولة) ،بەڵام تاهیری کوڕی هیلال دەست بەسەر شارەکە دەگرێتەوە هەرچەندە زۆری پێناچێت ئەویش لە لایەن (شمس الدولة) دەگیرێت، بەمە بۆشایەکی ئەمنی و سیاسی لە ناوچەکە دروست دەبێت، بۆیە (جلال الدولة) شارەزور دەداتە (ابو الفتح العنازي) (381-401ك/990-1011ز)، لە کاردانەوەی ئەو هەڵوێستەی (شمس الدولة) لە دژی (جلال الدولة)، تاهیر ڕزگار دەکات و لەشکرێکیشی پێ دەدات بۆئەوەی شارەزور وەربگرێتەوە، بۆیە لە ڕووبەڕووبونەوەیاندا (ابوالشوك کوڕی ابو الفتح) دەشکێت و سەعدی براشی دەکوژرێت، دەست بەسەر شارەکەدا دەگرێت (بەدلیسی،2010: 37)، بەمەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بوەیهییەکان  لە ململانێیاندا لایەنە کوردییەکانیشیان دوچاری دووبەرەکی و ململانێ کردوە و بەکاریان هێناون دژی یەکتری، لەپێناو ئەوەی لاوازیان بکەن و بتوانن دەسەڵات و هەژموونی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن.

هەروەها لەململانێی نێوان (جلال الدولة) و (ابو کالیجار کوڕی سلطان الدولة) کالیجار دەست بەسەر موڵکێکی زۆری (جلال الدولة) دادەگرێت، کە دەبێتە هۆی بێهێزی و لەناوچوونی سەروەت وسامان ،وژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی سەرەرای لەدەستدانی (بصره و واسط)(ابن الأثير،د.ت: 375/9؛ عثمان،2020: 301)، بۆیە (جلال الدولة) لە ساڵی (420ك-1029ز) داوای یارمەتی لەمیر (حسام الدولة ابو شوك) دەکات یارمەتی بدات بەشێوەی هەواڵگری، وبەهۆی یارمەتییەکانی ئەو میرە (جلال الدولة) توانی دەست بەسەر ئەهوازدا بگرێتەوە، تاڵانی کرد و دەستیان بەسەر دووسەد هەزار دیناری کالیجار داگرت (ابن الأثير،د.ت: 376/9؛ خليل،2013: 172؛ ڕەسوڵ ،2013: 155/1-156)، ئەو یارمەتییەی (ابو الشوك) دەبێتە هۆکاری ئەوەی ململانێی نێوانیان یەکلایی ببێتەوە و ڕووی جەنگەکە لە دۆڕانەوە بگۆڕێت بەرەو سەرکەوتن و لەلەناوچوون رزگاری بکات، پاشان، دەست بەسەر ناوچە لەدەستچووەکانیدا بگرێتەوە، بۆیە ڕۆڵی کوردەکان لە ململانێی نێوان پێکهاتەکان و بنەماڵەی بوەیهی یەکلاکەرەوە بووە، بەتایبەتیش میر بەدر، (ابن ابي الهيجاء) لە ستایشی میر بەدر دەڵێت: ((عضد الدولة ناوچەکانی هەرێمی چیای پێ راسپاردبوو، بەتایبەت شارەکانی هەمەدان و دینەوەر و نەهاوەند و سابوور، کەسایەتییەکی ئازا و بەهەیبەت و دادگەر بووە))( ،1993: 84)، بۆیە کاتێك ململانێ لەنێوان هەردوو میری بوەیهی ناوبراو جارێکی دیکە لە ساڵی (428ك/1037ز) سەرهەڵدەداتەوە، ئەمجارەیان (ابو الشوك) بە پێچەوانەی جاری پێشوو یارمەتی سەربازیی پێشکەش بە(ابو کالیجار)دەکات، کەلەدژی(جلال الدولة) لەجەنگ وململانێ دابوو، بەوەش ناوەستێ و وتاری هەینیشی بەناوی دەخوێنێتەوە (النقشبندي،2011: 170؛ الخالدي،1969: 59؛ رۆژبەیانی،ب.س:202-203)، لە ڕاستیدا کوردەکان ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەبوو لە گۆڕینی پارسەنگی هێز لەنێوان لایەنە ناکۆکەکانی نێو بنەماڵەی بوەیهیدا، کاتێکیش لە ساڵی (440ك/1048ز)( ابو کالیجار)ی بوەیهی کۆچی دوایی کرد و (ابو نصر فيروز) ناسراو بە (الملك الرحيم)ی کوڕی (440-447ك/1048-1055ز) جێگەی گرتەوە، کوڕەکەی تری بەناوی(ابو منصور فلاستون)بەمە رازی نابێت و دەست بەسەر شاری شیرازدا دەگرێت و میر هەزار ئەسپ (436-462ك/144-1069ز) یەکێك دەبێت لەوکەسایەتیانەی کە لەو ناکۆکی وململانێیە لەسەر دەسەڵات پشتگیری  فلاستۆن دەکات (ابن الأثير،د.ت: 549/9؛ الخالدي،1969: 61؛ تۆفیق،2001: 45/8)، ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهی هۆکار بوو بۆ لاوازبونی بوەیهییەکان، لە بەرانبەر بەهێزبونی ڕەگەزی تورکی لەنێو ڕیزەکانی سوپا ،بەهۆی بێمتمانەیی بەسەرکردە دەیلەمەکان، ئەمەش وای کرد ڕەگەزی تورکی بێتە پێشەوە، هەر ئەوانیش دەبنە شوێنگرەوەی دەیلەمەکان لەناوەندی دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسی(خليفة،1931: 214؛ القزويني،2015: 71).

## 2- بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان لە چوارچێوەیی ململانێی بنەماڵەی بوەیهی

مێژوو بۆ خۆی بەشێکی گرینگی مێژووی جەنگ و ململانێ و کێبرکێی نێوان مرۆڤەکانە، هەموو کێبرکێکانیش لەپێناو زاڵبوونن، ئەوانەشی لەو ململانێیانەش بەشدارییان کردووە، حەزی گەیشتنیان هەبووە بەو ئامانجە دوورانە و هاوکارەکانی خۆشیان بەو هەنگاوە ئاراستە کردووە، گومانی تێدا نیە ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهیش دەرئەنجام و شوێنەواری خراپیان بەسەر ناوچە کوردیەکان و کۆمەڵگەی کوردیدا لە بوارە جیاوازەکان بەجێهێشت، کە سەرباری سوودوەرگرتن لە داهاتی ناوچە کوردییەکان بۆ ململانێیەکانیان، ناوچەکانی هەرێمی چیا و ڕۆژئاوای هەرێمەکەش ببوونە شانۆیەك بۆ شەر و جەنگەکانیان، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی کوردیشیان لە بەرژەوەندی خۆیان لەشەڕەکانی نێوانیاندا نێوەگلاند.

مێژووش خۆی بەرهەمی ئەو کێبرکێ و ملشکاندنەی نێوان لایەنە ناکۆکەکانە. کاتێك حەزی ملکەچکردنی ئەوانی تر لە لای کۆمەڵێك دەورووژێت، دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو هەوڵەکانی خۆیان بخەنەگەڕ، بۆئەوەی ئەو ئامانجەیان بهێنێتە دی، چونکە هەر

زاڵبوونێك مەزنایەتی و مێژووی لەگەڵ لەدایك دەبێت (ئیبن خەلدون،2016: 385/1؛ مەکیاڤیللی،2019: 142،56)، و دەبێتە بەشێك لە مێژوو، ئەوەش بە ڕوونی بەسەر ململانێ و پەلاماری هێزەکانەوە دیارە بۆ سەر خاکی کوردان، بوون بەمەیدانی ناکۆکیی نێوان خودی هێزەکان لەنێو لاپەڕەی سەرچاوەکان، لە کاتێکدا کورد وەکوو زەرەرمەندی یەکەمیش لە پەراوێزی مێژووی ئەو جەنگانەدایە (ابن الأثیر،د.ت: 510/8؛ابن خلدون،د.ت:813؛ ئیبن خەلدون،2016: 644/1)، (المسعودي) گرنگی ناوچە کوردییەکانی لەبەرچاو گرتووە، کە کەوتۆتە هەرێمی چوارەم وەك بەپیتترین هەرێمەکان ناوی بردووە (،1938: ؛32 )، بەلای زۆربەی توێژەرانیش باشترین و گونجاوترین ناوچەبوون بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شارستانیەت وبەرزی ئاستی بژێوی و ژیانی ئابووری، بەتایبەت کە ژینگە سروشتییەکەی وئاوهەوای ناوچە کوردییەکان بۆ کشتوکالکردن زۆر گونجاو بووە، ئەمەش وای کردووە کە سەرچاوەکانی داهات و سامانی زۆربێت، ببێتە فاکتەرێکی سەرەنج ڕاکێش بۆ پێکهاتەو هێزە بیانیەکان کە لەهەوڵی دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی ئەو داهاتە بن (المسعودي،1938: 32-33؛ مؤلف مجهول،1999: 107)، (ابن بطوطة) لەمیانەی گەشتەکەی باسی شاری نسێبینی کردووە و بەوە وێنای دەکات کە پڕە لە باخ و بێستان و میوە (،2020: 168؛ ابن جبیر،د.ت: 214)، سەرەڕای ئەوەی ڕووبەرێکی زۆری بە گەنم و جۆ داچێنراوە و لەپاڵ کشتوکاڵ و دانەوێڵە دانیشتوانەکەی خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالاّت بوونە (ابن حوقل،1992: 191/1)، هەروەها (شەرەف خانی بەدلیسی) ئاماژە بۆ ئەمەدەکات کە داگیرکەرانی کوردستان هەرکێ بوویێت ئەگەر بیری لەوە کردبێتەوە کە کوردستان بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە زۆر بەگران لەسەری کەوتوەو لە ئەنجامۆ پەشیمان بۆتەوە و ناچار بوە بە خاوەنی پێشوی ئەسپاردۆتەوە، داگیرکەرانی کوردستان تەنها بە پێشکەشکردنی دیاری و پێیان چاویان لەدەسەڵاتدارانی ناوچەکە پۆشیوە، ئەمەش هۆکار بووە بۆئەوەی ئەو ناوچانە سەربەخۆیی ئابووری بەدەست بهێنن (،2010: 27/6).

بوەیهییەکانیش بۆ ئەوەی بتوانن باشتر کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکەن و دەسەڵات و هەژمونی خۆیان بسەپێنن و کوردەکان لەبەرژەوەندی خۆیان بەکار بهێنن، کەبەتایبەت ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لەناکۆکییەکانی ناومیرانی میرنشینی عەنازی بەپشتگیریکردنی لایەنێك دژی لایەنێکیتر ،جگە لەوەی بوەیهییەکان ڕۆڵیان هەبوو لە ناکۆکی و ململانێی نێوان میرنشینی عەنازی و میرنشیتی حەسنەوەیهی بەهاندانیان بۆئەوەی دژی یەکتر بەردەوامۆ لە ململانێ دابن، بەمەش توانیان هەژموونی دەسەڵاتیان بەسەر ئەو ناوچانە بسەپێنن و کۆنترۆڵی سەلامەتی کاروانە بازرگانیەکانیان بکەن (بولادیان،2013: 75؛ مرجونە،2020: 341). پەیوەندیی برایەتیی نێوان بوەیهییەکان، لەناو خۆیاندا هەروا بەئاسایی و بەبەهێزی نەمایەوە، بەتایبەت دوایی مردنی (معز الدولة)لە ساڵی (356ك/966ز) شەڕ و ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهی و چاوتێبرین لە ماڵ و موڵکی یەکتری دەستی پێ کرد و درێژەی کێشا تاوەکوو کۆتایی فەرمانڕەوایەتیان، ناوچە کوردنشینەکانیش مەیدانی جەنگ و ململانێی نێوانیان بوو، نێوەگلان و بێلایەنەبوونی کوردیش لە ململانێی بوەیهییەکان چ لەنێو خۆیاندا یان لەگەڵ ڕەگەز وپێکهاتەکانی تر، کاریگەرییەکانی لەسەر کورد زیاتر کرد (ابن الجوزي،1992: 38/7؛ ابن الأثیر،د.ت: 576/8)، کاتێکیش ناوەند کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی بوەیهییەکان، سوپا ئامرازێکی بەهێز بوو بۆ بەپەراوێزکردنی کورد، یاخود وەکوو ئامرازێك بوو بۆ پەڵنەهاوێشتنی کورد و ڕاگرتنی هەژموونیان، دەسەڵات لەپاڵ یەکدا بوون، بوونی کێبرکێی بەردەوامە لەنێوانیان، چونکە هەر دەوڵەتێك دامەزرێت دەیەوێت بە زووی ناوچەکانی دەوروپشتی بخاتە ژێر هەژموونی خۆی (ئیبن خلدون،2016: 26/2).

دەسەڵاتدارانی ناوەند وەکوو ستراتیژییەتی هێزی ناوەند هەوڵیان داوە، ڕێگری لە کورد بکەن، تاوەکو نەکەوێتە ناو ململانێیەکانی ناوەندخوازیی و بە لاوازیش بیانهێڵنەوە (ابن الأثیر،د.ت: 215/9-216،249؛ مەکیاڤیللی،2019: 32)، لە سەردەمی (روکن الدولة)ی بوەیهی لە ساڵی (٣٥٩ك/ ٩٧٠ز) سوپایەکی بەهێزی ناردە سەر هەرێمی چیا بۆ ملکەچکردنی میر حەسنەویهی کوڕی حوسێن، کە هەوڵی زیادکردنی دەسەڵاتی خۆی دەدا و پێگەی میرنیشینەکەی بەهێز دەکرد، بەڵام بە زەبری پارە جەنگەکەی لە خۆ دورخستەوە (ابن الأثیر،د.ت: 606/8؛ ڕۆژبەیانی، ب.ی: 54). (ابن خلدون) پێی وایە، ملکەچبوون و باجدان سەرەتای زەلیل بوونە(ئیبن خەلدون،2016: 391/1)، ئەوەش بەڕوونی لە قۆناغەکانی دواتری میرنشینی حەسنەوەیهی بەدیار دەکەوێت، بوەیهییەکان زۆرجار سودیان لە ڕژد بوونی کوردان لەسەر داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و پابەندبونیان پێیەوە وەرگرتووە

بەتایبەت لە بواری ژن و ژنخوازی، بۆیە هەمیشە لە هەڵێك گەڕاون بۆ بەکارهێنانی کورد بۆ بەرژەوەندی سیاسی و سەربازیەکانی خۆیان، لە پێناو بەدەستهێنانی پشتگیری و یارمەتی سەربازی کوردان و بەکارهێنانیان لە ململانێیەکانیان، کە مەبەستی سیاسی لە پشت بوو، ئەوەتا (عز الدولة بختيار)(356-367ك/967-977ز) کچی میر(أبي عسكر الكردي) بە سەد هەزار دینار مارەیی دەخوازێت(سبط ابن الجوزي،2013: 394/17؛ تغري بردي،1933: 19/4)، ئەمەش دەلالەتە لە گرنگی پایەو پێگەی کورد لەوسەردەمە، کە بۆتە هۆکارێکی بەژداری کردنی کوردان لە ململانێی بوەیهییەکان جا چ دەرەکی بوبێت لەگەڵ پێکهاتەکانی تر یان ناوەخۆ بوبێت لەنێو میرانی بنەماڵەی بوەیهی، بۆ ئەم مەبەستەش سودی زۆریان لە کورد وەرگرتووە بەهۆی بابەندی کورد بە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت ئامادە بوونە گیانی خۆشیان بەخت بکەن لەو پێناوەدا.

لەم نێوەندەدا ناوچەکانی میرنشینی حەسنەوەیهی زۆرترین کاریگەری ئەو ململانێیانەی لەسەر هەبووە، بەتایبەت کاتێك میر حسنەوەی دوو کوڕی بەناوەکانی (بەدر و عبدالرزاق) بە هێزێکی (هەزار سوارە) پشتگیری (عز الدولة) بەختیار دەکات کە لە ناکۆکی و ململانێدا دابوو لەگەڵ (عضد الدولة)ی ئامۆزای(مسكوية،2003: 432/5؛ ابن خلدون،د.ت:847؛ ڕۆژبەیانی،ب.س:56-57) کە بەکوژرانی (عزالدولة)بەختیار کۆتایی هات (القاشي،2001:378؛ الذهبي،2003: 266/8؛ موکریانی، 2007: 133)، ئەمەش وایکرد کە شوێنەواری خراپی لەسەر پەیوەندیی نێوان میرنشینی حەسنەوەیهی و(عضد الدولة) لێبکەوێتەوە و باجی ئەو لایەنگیریەیان بدەن، بەتایبەت دوای ئەوەی لە ساڵی (369ك/980ز) میر حسنەوەی لە قەڵای سرماج کۆچی دوایی دەکات (ابن الجوزي،1992: 706/13؛ ابن الأثير،د.ت: 706/8؛ ابن كثير،2004: 1765)، ناکۆکی دەکەوێتە نێو کوڕانی حەسنەوەیهی لەسەر دەسەڵات و بەسەر دوو بەش دابەش بوون، هەندێکیان پشتگیری (فخر الدولة)یان کرد بەشێکی تریشیان پشتگیری (عضد الدولة) یان کرد (ابن الأثير،د.ت: 704/8؛ الصرفي،1923: 401/1؛مرعي،2005: 153)، بۆیە (عضد الدولة) ئەم بارودۆخەی حەسنەوەیهییەکان بە هەل دەزانێت و لە ساڵی (369ك/977ز) بە هۆی ئەوەی لایی وابوو میرحسنەوەیهی کوڕی حسین ڕۆڵی هەبووە لە قووڵکرنەوەی ناکۆکی نێو بنەماڵەی بوەیهی، بەتایبەت نێوانی (عضد الدولة) و (فخر الدولة)، بۆیە ڕقێکی زۆری لێ بوو، ئەم دەرفەتەش بە هەل دەزانێت بۆ دەستخستنە نێو کاروباری میرنشینەکە و هێرش دەکاتە سەر قەڵاکانی میرنشینی حەسنەوەیهی و قەڵای سرماج و شارەکانی نەهاوەند و دینەوەر داگیر دەکات (الروذراوري،2003: 12/8؛ ابن الوردي،1996: 298/1؛ ابن كثير،2004: 1765؛ العمری،2010: 178/26؛ بەدلیسی،2010: 35/6)، کۆنترۆڵی بەشی زۆری هەرێمی چیا دەکات (سبط ابن الجوزي،2013: 539/17)، دەست بەسەر ماڵ و سامانی حسنەویهییەکاندا دەگرێت و ملکەچیان دەکات و تالانێکی زۆری لێکردن(مسكوية،2003: 451/5-453؛ بەدلیسی،2010: 35/6؛ النقشبندي،2011: 158؛ رؤوف،2014: 42)، (ابن الأثير) دەڵێت: ((هەرچییەکی هەبوو لە چەك و تفاقی حەسنەوەیهییەکان بردی)) (ابن الأثير،د.ت: 709/8)، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە لایەنە ناکۆکەکان سوودیان لە توانای مرۆیی و دارایی میرنشینە کوردییەکان وەرگرتوە و لە بەرژەوەندی یەکلاییکردنەوەی ململانێیەکاندا بەکاریان هێناون، جگە لە زیانی مرۆیی، زیانی گەورەشیان بە ژێرخانی ئابووری و سەربازی ئەو ناوچانە گەیاندووە.

سەرەڕای ئەوە (عضد الدولة)ی بوەیهی بەوە ناوەستێت دەست دەخانە کاروباری ناوخۆیی میرنشینەکە و ڕۆڵیشی هەبوو لە قوولبونەوەی ململانێی نێو بنەماڵەی حەسنەوەیهی لەسەر دەسەڵات، بەتایبەت دوای ئەوەی میر بەدری کوڕی حەسنەوەیهی بۆ ڕابەرایەتی هۆزی بەرزیکانی ڕادەسپێرێت و وەك فەرمانڕەوای میرنشینەکە دانی پێدانا و سەربازی پێ دەدات، ئەمەش وای کرد میر بەدر بەهێزەوە دەربکەویت و کۆنترۆلی تەواوی ناوچەکانی میرنشینەکەی بکات (ابن الأثير،د.ت: 704/8؛ بەدلیسی،2010: 35/6؛ النقشبندي،2011: 161؛ ڕۆژبەیانی، ب.س:59)، بوەیهییەکان بەو هەنگاوەیان حەسنەویهیەکانیان کردە لایەنگری خۆیان لەکاتێکدا پێشتر دژیان بوون، بۆیە پەیوەندی لەگەڵ بوەیهییەکان لەسەر بنەمای پاراستنی پەیوەندییەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا بەتین بوو (مرعي،2005: 157؛ بابان،2004: 102). دەستتێوەردانی بوەیهییەکان لە کاروباری ناوخۆی میرنشینی حەسنەوەیهیدا نارەزایی کوڕانی حەسنەوەیهی (عاسم و عبدالمليك)ی لێدەکەوێتەوەو لەساڵی (370ك/980ز) لەدژی دانانی میر بەدر لە لایەن (عضد الدولة) جوڵانەوەیەکیان هەڵگیرساند، بوەیهییەکان بۆ سەرخستی میر بەدر سوپایەك دەنێرن و کۆتایی بە جوڵانەوەکە دەهێنن، باجەکەشی بە لەناوچوون و کوژرانی هەموو برایەکانی بەدر کۆتایی پێهات (مسكويه،2003:453/5؛ الروذراوري،2003: 12/6؛ ابن

الأثير،د.ت:709/8؛ الزواهرة،2010: 26-35)، بۆیە (عضدالدولة) بە پێشەنگی ئەوانە دادەنرێت کە یاسای ڕیشەکێشکردنی بنەماڵـەیی پەیرەو کردووە. بە بڕوای ئیبن خلدون پایەی سەرەکی بوونی هێز دەرمـارگیرییە، دەبێـتە هـۆی کـۆکردنەوەی هێزەکـان پەرتەوازەیـش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، تەنانەت فراوانخـوازیش بـۆ ئـاوا‌کردنی دەمـارگیرییەکی گشـترگیر و دەسـەڵاتدارێکی سـەپێنەر و دادگەر بەدی ناهێت، کە خەڵکیش شانازی بەکـارو کردارەکـانییەوە بـکەن (،2016: 352/1-357). هێـز لە ئاگـایی میـر و سـەرکردە سـەرچاوە دەگرێت، بەکردارەکانی خەڵکی هەستی پێ دەکەن، تەنانەت منداڵەکانیان دەکەنە قوربانی، گەر وای نەکرد، وەڵامدانەوەی خەڵکیش بە پێچەوانەوەیە و پشتی تێدەکەن (مەکیاڤیللی،2019: 25). ڕەنگە یەکێك لەو نموونانە پەرتەوازیی ناوخۆیی میرنشینی حەسنەوەیهی و دابەشبونیان بەسەر لایەنە ناکۆکەکانی نێو بنەماڵەی بوەیهی بێت، کاتێك میر بەدر لە سەرەتای دەسەڵاتی هەموو براکـانی لە لایەن بوەیهییەکـان لەدەسـت دەدات (مسـكوية،2003:453/5-454؛ الـروذراوري،2003: 12/6؛ فـارقى،2007: 18)، بەڵام هەرگیـز هـیچ ئامانجی تۆڵەکردنەوەی خوێنی براکانی نەبووە لە دەسەڵاتدارانی بوەیهی کە کۆنترۆڵی ناوەندی(بەغدا) دەسەڵاتی عەباسیان کردبـوو، ئەوەش ئەوەمان پێ دەڵێت خاوترین کۆنەقینی ناو دەروونە زووتـر لە یـاد دەچێتەوە، لـە ڕاسـتیدا میـر بـەدر میرنشـینەکەی خسـتە خزمەتی بوەیهییەکان و لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی دەرامەت و هێزی سەربازی میرنشینەکەی خستبووە گەر بۆ داکۆکی لـە سـەروەری دەوڵەتی بوەیهی (ابن الأثير،د.ت:32/9؛محەمەد،2020: 78/2).

میر بەدری حەسنەوەیهی پێداگربوو لەسەر ئەوەی پەیوەندیی باشی لەگەڵ سەرجەم دەسەڵاتدارانی بوەیهی ڕێك بخـات، بۆیـە پەیوەندیی لەگەڵ (فخر الدولة کوڕی روکن الدولة) پەیوەندیەکی بەهێز بوو، کە بەشێکی ناوچەکانی هـەرێمی چیـای لەبـەر دەسـت دابووە (القاشي،2001: 379)، بەڵام زۆرجار بوەیهییەکان لە ڕێگـای ئـەو پەیوەندییانـەوە، کوردیـان بـەکارهێناوە لـە بەرژەوەنـدیی یەکلاییکردنەوەی ململانێ و کپکردنی بەرهەڵستکارەکانیان، دەگوترێت محەمەدی کوڕی غانمی بەرزیکانی لـە ناوچـەکانی (قـوم) لـە سـاڵی (373ك/983ز) لـە دژی (فخـر الدولـة) ڕاپـەڕی، بـەڵام میـر بـەدر نێوانیـانی ئاشـت کـردەوە، ئـەم ڕۆڵـەی میـر بـەدر بـەرز دەنرخێندرێت، دیارە ئەمەش بۆ کاریگەری و پێگـەی میـر بـەدر دەگەڕێتـەوە لـە ئاشـتکردنەوەی لایەنـە ناکۆکـەکان، پشـتگیریکردنی بوەیهییەکانیش لە لایـەن کوردەکانـەوە مەبەسـت لێـی بەدەسـتهێنانی پشـتگیری سیاسـی و مەعنـەوی و فراوانکردنـی دەسـەڵاتیان و مانەوەیان لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆیان بووە، بۆیە زۆرجار کورد بۆتە بەشێك لە ململانێیەکان جا بەویستی خۆیـان بوبێت یاخود نا، کاریگەریی ئەو ململانێیانەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبوو بەسەر ناوچە کوردیەکان، جا چ بە چاك یاخود خراپە، بۆیە ئەم پشتیوانییەی بۆ (فخـر الدولـة) دەبێتـە مایـەی نیگـەرانیی (شرف الدولـة) بـەهۆی ئـەوەی ئـاڵۆزی هـەبوو لـە نێوانیانـدا و بەردەوام لە ململانێ دابوون و بەخراپ بەسەر میر بەدر و میرنشینەکەی دەشکێتەوە، کـاتێکیش ئـەو میـرە عێـراق داگیـر دەکـات و بەسەر (صمصام الدولة)(٣٧٣-٣٧٧ك/ ٩٨٣-٩٨٧ز)سەردەکەوێت و دەستگیری دەکات، لە یەکەم جوڵانەوەی لە ناوچەکـە لـە سـاڵی (377ك/988ز) سـوپایەك بـە سـەرکردایەتیی (قـراتکین جهشـیاری) دەنێرێتـە سـەر میرنشـینی حەسـنەوەیهی و لـە نزیـك قرمسـین ڕووبەڕووی یەکتر دەبنـەوە (الـروذراوري،2003: 79/6؛ابـن الأثيـر، د.ت: 50/9؛ الصرـفي، 1923: 401/1-402؛ النقشـبندي، 2011: 163)، لە سەرەتادا سەرکەوتوو دەبێت و میر بەدر دەشـکێت و سـوپای بـوەیهی پێـی وابـوو سـەرکەوتوو بـوو بۆیـە لـە وڵاخـەکانیان دابەزین و پشویاندا، بەڵام کاتێکی زۆری نەخایاند میر بەدر بە سوپاکەیەوە هێرشێکی کتـوپڕی کـردە سـەر سـوپای بوەیهییـەکان و کوشـتارێکی زۆری لێکـردن و بەسـەریاندا سـەرکەوت (ابـن الجـوزي، 1992: 38/7؛ ابـن الأثـير، د.ت: 576/8؛ مـراد لفتـة، 2018: 42/4/16)، لـە ڕاسـتیدا (شرف الدولـة) (٣٧٧–٣٧٩ك/ ٩٨٨-٩٨٩ز) جگـە لـەو هۆکـارەی بـاس کـرا دوو ئامـانجی هـەبوو ئـەویش بەسەرکەوتنی سنوورێك بۆ دەسەڵاتەکانی میـر بـەدری حەسـنەوەیهی دابنێـت و لـە ئەگـەری سەرنەکەوتنیشـی بەسـەر (قـراتکین)ی سـەرکردەی سـوپاکەی ڕزگـاری ببێـت کـە ماوەیـەك بـوو دەسـەڵاتەکانی زیـادی کردبـوون، کـە ببـووە مایـەی مەترسـیی بـۆ سـەر دەسەڵاتەکانی خۆی (مرعي، 2005: 164)، ئەو سەرکەوتنەی حەسنەوەیهییەکان و ناکۆکی و ململانێی نێوان بوەیهییەکان، هۆکارێك بوو بۆئەوەی دەسەڵاتداریی میرنشینی حەسـنەوەیهی، میـر بـەدر بـە هێزتـر لـە جـاران دەربکـەوێت و بـووە یـەکێك لـە بـەهێزترین میرەکانی ئەو سەردەمە و دەسەڵاتی خۆشی فراوانتر بکات و لە دەست گرتن بەسەر چەندین ناوچەی نـوێ لـە هـەرێمی چیـا، دیارە ئەمەش لێهاتوویی سیاسی و سەربازی و بەهێزی کەسایەتی ئەو میرە کوردیەمان بـۆ دەردەخـات، کـە توانیبـووی ململانێیـەکانی نێـو بنەماڵەی بوەیهی لە بەرژەوەندی میرنشینەکەی و فراوانکردنی دەسەڵاتی بقۆزێتەوە، بەهێزی حەسنەوەیهی ئەوکاتە زیاتر دەرکـەوت کاتێك لە ساڵی (379ك/989ز) میر بەدری حەسنەوەیهی بە چوار هەزار سەربازەوە یارمەتی (فخر الدولـة) دەدات کـە هێرشـی کـردە

سەر (بهاء الدولة)، بەلام میر بەدر لە کۆتایی هێرشەکەدا پاشەکشە دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوەی هێرشەکە سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت (الروذراوري، 2003: 103/6؛ ڕۆژبەیانی، ب.س:62).

کوردەکان و دەسەڵاتە خۆجێیەکانی (میرنشینە کوردیەکان) بەگشتی نەیانتوانیوە ململانێی ناوخۆی نێو بنەماڵەی بوەیهی بقۆزنەوە، زۆر جاریش باجی قورسی پشتگیریکردن و لایەنگیریکردنی لایەنێکیان داوە لە دژی لایەنێکی تر، بۆیە لە بەرامبەر هێرشکردنە سەر بەغدا (ابن الأثیر،د.ت: 193/9؛ ابن خلدون، د.ت:1065،846)، بوەیهییەکان بڕیاری تۆڵەسەندنەوەیان دا لە میرنشینی حەسنەوەیهی، هەروەك (ابن اثیر) باسی لێوە دەکات و دەڵێت: (((بهاء الدولة) ئەو گرێیەی لە دڵ مابوو بەرامبەر بەدری کوڕی حسنەوەی))( ، د.ت: 197/9؛ زەینەل، 2012: 227؛ محەمەد،2020: 101/2)، کاتێك سەرقاڵ بوو بە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ (ابو العباس بن واصل)، هێرشیان کردبووە سەر بەغدا، بۆیە دوای نەمانی مەترسی (ابو العباس) و کوژرانی، (بهاء الدولة) (عمید الجیوش) ڕادەسپێرێت بە سوپایەك هێرشیان کردە سەر میرنشینەکە و شاری جوندیسابور، میر بەدر ترسی لێ دەنیشێت و مەلکەچ دەبێت و داوای ڕێککەوتن دەکات لە (عمید الجیوش) لەپێناو پێدانی پارە، ئەویش ڕازی دەبێت و بە بڕێکی زۆر لە دیاری دەگەڕێتەوە بەغدا (ابن الأثیر، د.ت: 197/9؛سبط ابن الجوزي،2013: 162/18؛ خرابشة، 1998: 144/4/14)، بەم شێوەیە میر بەدر توانیی بە لێهاتووی خۆی و دانی پارە و پوڵ، میرنشینەکەی لە وێرانکاریی بوەیهییەکانەوە دوور بگرێت و لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و میرنشینەکەی، ماڵ و داراییەکی زۆری بەخشییە ئەو دووژمنانەی کە هێرشیان هێنابووە سەرناوچەکە، ئەمەش گومانی تێدا نییە بارگرانییەکی زۆری دارایی لەسەر شانی دانیشتوانی کوردی ناوچەکە دروست دەکرد، لەبەر ئەوەی هەروەکوو باوە چینی دەسەڵاتدار بەتایبەتی لەو سەردەمەدا سەرچاوەی داهاتی سەرەکیی ئەو باج و خەراجە بوو کە لە دانیشتوانیان کۆدەکردەوە، لەجوتیار و پیشەگەر و ئەوانی تر، بۆیە ئەم شەڕ و ناکۆکییانە بە بەردەوامی مایەی ماڵوێرانی بوون بۆ دانیشتوانی کوردستان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. هەر لەو ساڵەدا (بهاء الدولة) سوپایەکەی ڕادەسپێرێت بۆئەوەی هێرش بکاتە سەر کوردەکانی (بندینجان) و جەنگێکی خوێناوی لە نێوانیان ڕوودەدات، بوەیهییەکان دووچاری شکستێکی گەورە دەبن و بە سەرکەوتنی کوردەکان کۆتایی دێت و دەست بەسەر سامان و چەکێکی زۆری سوپایەکەدا دەگرن (زکي بك،1939: 2/ 144).

بوەیهییەکان پشت بە هۆزی شازنجانی کوردی دەبەستن، وەك پاداشتێك بۆ ئەو یارمەتییانەی پێشکەشی بوەیهییەکانی کرد لە پارێزگاری و بەرگریکردن لە دەسەڵاتیان، (ابو الفتح العنازي) دەکرێت بە پارێزەری ڕێگای خوراسان، ئەمەش دەبێتە دەرفەتێك بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکە و شاری حلوان و دەوروبەری بسەپێنن، بۆیە کاتێك کاریگەری عەننازیەکان زیاد بوو، وە مولك و ماڵیان فراوان بوو، بوەیهییەکان ڕێزیان لەعەننازییەکان نا و دانیان نا بە شەرعییەتیی دەسەڵاتی (ابو الفتح العنازي) ( ابن الأثیر، د.ت: 193/9-194؛ ابن خلدون، د.ت:846؛ زەینەل، 2012: 227)، و دەکرێت بە پارێزەری (دەسکەرە) (حسن،2011: 95؛ هەروتی، 2008: 45)، دیارە مەبەستی بوەیهییەکان لە گرنگیدان بە عەننازییەکان بەتایبەت (ابو الفتح العنازي) و دانان بە دەسەڵاتەکانی لە ناوچەکە ئەوە بوو کە وەك سەرکردەیەکی بەهێز و هێزێکی کاریگەر بەدەر بکەوێت بۆئەوەی دژایەتیی میر بەدری پێ بکەن، چونکە نەیاندەویست هێزێکی کاریگەر و بەهێز لەناوچەکە بوونی هەبێت کە لەژێر دەسەڵات و هەژموونی خۆیان نەبێت، بۆیە لە ژێر سایەی داگیرکاریی بوەیهییەکاندا، ڕێژەی قوربانییەکان زیاتر بوون، سەرەڕای بوونی بەشێکی ناوچە کوردنشینەکان بە مەیدانی شەڕی نێوان میرەکانی بوەیهی، ڕۆڵی خراپیشیان لە دروستکردنی شەڕ و ئاژاوە و قووڵبونەوەی ناکۆکیی نێوان ئەو دوو میرنشینە هەبوو، کە لەسەر زەوی و میرایەتی ناکۆك بوون، هۆکاری دابەشبونیشیان بەسەر ئەو دوو بەرەیەدا بۆ ململانێی نێوان ئەو دوو میرنشینە هەروەك (ابن الأثیر) باسی لێوە دەکات و دەڵێت: (( میر بەدر کوڕی حەسنەوەیهی دەستی بەسەر حلوان و قەرمسین داگرت ))، کە لەژێر فەرمانڕەوایەتی عەننازییەکان بووە، هەروەها بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە (ابو الفتح العنازي) پەنا بۆ (رافع بن محمد) دواتریش بۆ بوەیهییەکان دەبات و ئەوانیش پشتی دەگرن (،د.ت: 195/9). ئەمەش ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێت کە هەریەك لەو میرنشینانە لەسەر حیسابی ئەوی تر، لە فراوانخوازیدا بوون بەبێ ئەوەی حساب بۆ دوژمنی سەرەکییان بکەن کە بوەیهییەکان بوون و لە دژی یەکبگرن، بەڵکوو کوردەکان لەو ماوەیە بەسەر دوو بەرەی دژبەیەکدا دابەش ببوون و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەو پێکهاتانەیان دەکرد، کە کاتێك بوەیهییەکانیش لاواز دەبن هەرگیز خەیاڵی گەیشتن بە ناوەند لە ستراتیژی میرە کوردییەکان نابێت، بەڵکوو جاری وا هەبووە وەکوو لایەنێك لە ململانێی بنەماڵەی بوەیهییەکاندا، یانیش سوودیان لە ململانێیانەی نێو بنەماڵەی بوەیهی وەرنەگرتووە بۆ بەهێزکردنی خۆیان و دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ خێڵە کوردییەکانی تری

دەوروبەر، بەڵكوو بە پێچەوانەوە (ابن الأثير، د.ت: 9/50-179؛ الصرفي، 1923: 1/401-402؛ الروذراوري، 2003: 6/79). هەروەك ئەحمەدی خانی (م:١١١٨ك/١٧٠٧ز) دەڵێت:

گەر دێ هەبوا ئیتفاقەك   ڤێکر بکرا مە ئیقیادەك

ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی    هەمیان ژ مەرا دکر غولامی(خانی،1919: 15)

پەنابردن بۆ پێکهاتە و ڕەگەزەکانی تر بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێیەکان، جا چ لەناو میرنشینێك بێت یان لەنێوان میرنشینە کوردییەکاندا بێت، لە سیما دیارەکانی سەردەمی بوەیهی بوو کە لە کۆتایی ئەو سەردەمە بە زیانی کوردەکان تەواو بوو. بە ڕاسپاردنی عەنازیەکانیش بە پاراستنی ڕێگای خوراسان ناکۆکییەکە بەهێزتر و قووڵتر بوویەوە، لە هەردوو حاڵەتیشدا، بوەیهییەکان سودیان لە توانای میرنشینە کوردیەکان وەرگرتووە و لە بەرژەوەندی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان و یەکلاییکردنەوەی ململانێیەکانیاندا، کە سەرەنجام لاوازکردن و پوکانەوەی دەسەڵاتی میرنشینە کوردیەکانی لێکەوتۆتەوە (الصرفي،1923: 1/401؛ ڕەسوڵ ، 2013: 1/114؛ بابان، 2004:102).

(النويري) لە ڕوداوەکانی ساڵی (421ك/1030ز)دەڵێت: ((سوڵتان مەسعوود کوڕی یەمین دەولە بە سوپایەك بەرەو هەمەدان بەڕێ کەوت و دەستی بەسەرداگرت، کە لەژێر سەرپەرشتی نوێنەرەکانی (علاء الدولة کوڕی بویە)بووە، خۆشی بەرەو (اصفهان) هات، (علاء الدولة) شارەکەی جێ دەهێڵێت و مەسعوودیش دەست بەسەر ماڵ و چەك و تفاقی ئەودا دەگرێت و دەگەڕێتەوە ولاتەکەی)) (، 2004: 26/37)، بەمەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەشی ناوچە کوردییەکان لەو ململانێیەی نێوان پێکهاتەکاندا، جگە لە ماڵوێرانی سوودێکی ئەوتۆی بۆ ئەو ناوچانە نەبوە و لایەنە ناکۆکەکان لەپێناو بەدەستهێنانی خێروبێری ناوچە کوردییەکان لە جەنگ و ململانێدابوونە، بۆ بەردەوامییدان بەو ململانێیانەش سوودیان لە توانای مرۆیی و ئابووری ئەو ناوچانە وەرگرتووە. جگە لەو میرە کوردە، میر هەزار ئەسپیش سوود لە ململانێی و دووبەرەکیی نێوان بوەیهییەکان وەردەگرێت، لەژێر سایەی دانان بە دەسەڵاتی ڕووکەشانەی میرانی بوەیهی و پشتگیریکردنی لایەنە ناکۆکەکان، دەسەڵاتی خۆی فراوان کردووە، و یەکێك بووە لەوانەی پشتگیری و لایەنگری (ابو كاليجار) دەکات و لە ساڵی (436ك/1044ز) لەگەڵی چۆتە بەغدا (ابن الفوطي، 1416هـ:1/362)، کاتێکیش شیرازەی دەوڵەتی بوەیهی لێکترازا و سەلجوقییەکان بەرەو ناوچە کوردییەکان هەڵکشان لەسەر حسابی بوەیهییەکان، میر هەزار ئەسپ ئەو بارودۆخە گونجاو و لەبارەی قۆستەوە و کەوتە خۆیی بۆ زیاتر خۆبەهێزکردن و دەسەڵاتفراوانکردن بۆ ئەم مەبەستەش سەرەڕای شاری ئیزج، شارەکانی (رامهرمز- توشتەر- دورق) بخاتە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی خۆی، بەڵام سەرکەوتنەکانی زۆری نەکێشان و کاتێك پشتگیری  (ابو منصور فلاستون)ی کرد کە لەگەڵ برایەکەی (ابو نصر فيروز) ناسراو بە (الملك الرحيم) لەسەر دەسەڵات لە ناکۆکیدابوون، (الملك الرحيم) توانیی بەسەر برایەکەی سەربکەوێت و لە بەرانبەر پشتگیری کردنی (ابو منصور فلاستون)ی برای لە بەهاری ساڵی (443ك/1051ز)شارەکانی (نوشتەر- رامهرمز)ی داگیر کرد و خەڵکەکەی دوچاری تاڵانی و ماڵوێرانی بوون و بەشێکی زۆریش لە سەربازەکانی هەزار ئەسپ کوژران و ئەوانی تریش بەرەو (إيذج) پاشەکشەیان کرد (ابن الأثير، د.ت: 9/573-574؛ تۆفیق، 2001: 8/B/44-45)، تێبینی دەکرێت لەگەل لەشکرکێشی بوەیهییەکانیش کۆچی ڕەگەزی دەیلەم بەشێوەیەکی بەرچاو لە جاران زیادی کرد و لەگەل هەر لەشکرکێشیەکدا بەرەو ناوچە کوردییەکان زیادیان کردووە، بەتایبەت شارەکانی (هەمەدان، دینەوەر، قرمسین، حلوان) بەهۆی گرنگی و هەڵکەوتەی جوگرافییان زیاتر کەوتنە بەر شاڵاوی کۆچی ئەو ڕەگەزەوە، پشتبەستنی میرنشینەکانی حەسنەوەیهی و عەنازی بەدەیلەمەکان و بەکارهێنانیان وەك کرێگرتە، هۆکارێکی دیکە بوو بۆ زیادبوون و نیشتەجێبونیان لە شارە کوردنشینەکان (الذهبي،1985: 282؛ ڕسوڵ،2020: 102/2)، کە ئەمەش بەشێکی زۆری پێکهاتەی دیمۆگرافیای کوردستانی گۆڕی.

یەکێك لەلێکەوتە و دەرئەنجامە ئابوورییەکانی ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهی بەسەر کورد کۆچکردنی کوردەکان بووە، لە سۆنگەی ئەوەی ناوچەکانی کوردستان دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی ئاو سروشتێکی لەبار وخاکێکی بەپیتی هەیە، وای کردووە کە ببێتە سەرەڕێگای و بەدوای یەکداهاتنی هەڵمەتە جیاوازەکان بۆ سەر ناوچە و هەرێمە کوردنشینەکان لە لەشکرکێشی بوەیهییەکان و

بوونی ئەو ناوچانە بە مەیدانی ململانێی نێوانیان وای کردووە کە ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاران گوند و دێهات و شارەکانیان جێ بهێلن، هەر خێڵ و تیرەیەکیش لە مەڵبەندێکی جوگرافی لەسەر ئەو سروشتە ژیانیان بەردەوام بوون، بە بەناوەندبوونی بەشێکی زۆری هێزەکان هاتنیان بۆ ناوچەکە، لە ڕووی جوگرافی بە زیانی هەژموونی کوردەکان تەواو بوو و وای کردووە کورد زۆر ئاوارەبن بۆ هەرێمە ناکوردییەکان، کۆچیان هەتا شام، میسڕ و بەغداش چووە (العمري،2010: 3/197-198). کەواتە کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی دەستی کار و بەرهەمە هەمەجۆرەکان هەبووە، ژێرخانی ئابووری و ئاواکاریی ناوچە کوردنشینەکانی لە دەرئەنجامی ململانێی نێوانیان بەرەو لاوازی و پووکانەوە چووە، ئەو خۆشگوزەرانییەی لەژێر فەرمانڕەوای کوردەکان هەبوو، بە نیشتەجێبوونی ڕەگەزەکانی بێگانە بەرەو لەناوچوون چووە، جگە لەوەی ململانێی میرە بوەیهییەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر لاوازبوونی چالاکیی ئابووری هەبووە (محمد، 2011: 173-174)، هەندێک جاریش کاولکاری زۆریان کردووە (ابن الأثير، د.ت: 9/574)، بەمەش هەرچی بەرووبوومی کشتوکاڵی هەیە، لەناو چوو، بەتایبەت دوای تێکدان و کاولبوونی بواری ئاودێری بوو، ئەوەی زیاتریش کشتوکاڵی دواخست و کاری کردە سەر کەمبوونەوەی بەرهەم، زیادەڕۆییکردنی بوەیهییەکان بوو لە بەخشینی زەوی بەسەر سەربازانی سوپا و نیشتەجێکردنیان و دەستگرتنیان بوو بەسەر زەوی جووتیاران، (ڕەسووڵ، 2013: 1/218)، بەم شێوەیە بەهۆی نالەباریی بارودۆخی سیاسی و کارگێری لە دەوڵەتی بوەیهی بەگشتی وناوچە کوردنشینەکان بەتایبەتی، ناسەقامگیری ئابوری لێکەوتەوە (شمال حميد - زرار صديق، 2019: 3/298)، بەم هۆکارەش بەرووبوومی ئابووری تووشی لەناوچوون هات، ئەوەتا لەکاتی لەناوچوونی میرنشینی مەڕوانی ئەو گەشەسەندنە ئابووریەی لەماوەی فەرمانڕەوایی خۆجێیی بەدەستیان هێنابوو، تووشی پووکانەوە هات شاعیری دیار "حەسەنی کوڕی ئەسعد کوڕی حەسەن ئەبوو نەسڕ" ناسراو بە، (ابن الاسدی الفارقی)، دوای ڕووخانی میرنشینەکە بەرەو حەلەب کۆچی کرد، پاشان گەڕایەوە حەران بە هیوای گەڕانەوەی میرنشینەکە، چونکە بە ئومێدەوە لە میرنشینەکەی دەیڕوانی (حموی، 1993: 1/841-842؛ ابن العديم، 1998: 5/؛3000؛ السيوطی، 1979: 1/500)، کەواتە دەکرێت بگوترێت بەشێك لە گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان پەیوەندیی بە دەرئەنجامی ململانێی میرە بوەیهییەکانەوە هەبوو لەسەر دەستگرتن بەسەر ناوچە کوردنشینەکان، کە دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکانی بەرەو پوکانەوە و دواتریش بەرەو لەناوچون برد، سەرەڕای ئەو زیانانەی خرانە ڕوو، نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە ئەو هەموو یارمەتیە سەربازییەی میرە کوردەکان لەپێناو خونزیککردنەوە لە میرە بوەیهییەکان، یان بەدەستهێنانی دەسەڵاتی بنەماڵەیی زیاتر پێشکەشیان دەکرد، هەمووی لەسەر حسابی گیان بەخشینی ڕۆڵەکانی چینی گشتی و خەڵکە هەژار و نەدارەکە بوو، ئەوەش توانایەکی مرۆیی زۆری ناوچە کوردییەکانی تێدا بەفیڕۆ دەرۆیشت، بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی ئەوتۆی بۆ کورد و ناوچە کوردییەکان هەبێت.

## دەرئەنجام

1- شەڕ و ململانێ بەشێکی دانەبڕاوی دەسەلاتداریەتیی میرنشینە کوردییەکان بوو، هیچ کام لە میرنشینە کوردییەکان بەتایبەت لە سەدەی پێنجەمی کۆچی و یازدەیەمی زایینی، بەدەر نەبوون لە شەڕ و ململانێی لەسەر دەسەڵات، پەنابردن بۆ پێکهاتەکانی تر وەك (بوەیهییەکان) بۆیەکلاییکردنەوەی ململانێیەکانیان لە بەرژەوەندیی خۆیان، ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دەستوەردانی بوەیهییەکان لە کاروباری ناوخۆی میرنشینە کوردییەکان، ئەمەش میرنشینە کوردییەکانی بەرەو لاوازی بردن و هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ پوکانەوەی دەسەڵاتیان و لە ناوچونیان.

2- ململانێی ناوخۆییەکانی نێو بنەماڵەی بوەیهی، شوێنەواری خراپیان بەسەر ناوچە کوڕدنشینەکاندا جێ هێشت، سەرەرای سوودوەرگرتن لە داهاتی ناوچە کوردنشینەکان بۆ ململانێ و جەنگەکانیان و بوونی بە شانۆیەك بۆ جەنگەکانیان، کوردیشیان لە بەرژەوەندیی خۆیان لە شەڕەکانی نێوانیاندا تێوەگلاندوە، ئەمە و سەرباری سوودوەرگرتن لە توانا مرۆیی و ئابوورییەکانی میرنشینە کوردییەکانیان بۆ بەرژەوەندیی شەڕی خۆسەپێنیی نێوانیان بەکارهێناوە، کە هیچ سوودێکی کوردی تێدا نەبووە.

3- لە ڕاستیدا سروشتی چیایی ناوچە کوردییەکان، یەکێك بووە لەو هۆکارانەی میرنشینە کوردییەکانی سەدەکانی ناوەراست نەتوانن کۆنفدراسیۆنێك لەنێوان خۆیاندا دروست بکەن، بۆئەوەی وەك پێکهاتەیەکی کاریگەر هاوشێوەی پێکهاتەکانی تر بتوانن ڕۆڵی

خۆیان بگێرن جگە لەوەی سروشتی جوگرافی ناوچە کوردییەکانی توشی دابڕان کردووە لە یەکتری، ئەمەش وای کردووە پێکهاتە و نەتەوەکانی تر ئاسانتر کۆنترۆڵی ئەو ناوچە کوردییانە بکەن و لە بەرژەوەندی ململانێیەکانی خۆیاندا بەکاریان بهێنن.

4- سەرباری ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییە، نالەباری کۆمەڵگەی کوردی لە ناوخۆی، کە بە توندی لە ناکۆکی و بەریەکەوتندابوون، لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی، کە بە زیانی ئەوانیش کۆتاییان پێ هـاتووە لە دەوروبەر، بەڵام کۆمەڵگـە کولتـوورییە خێلەکییەکەی کورد، هۆیەکی هەرە گرنگی پاراستنی شووناسی پێکهاتەکەی بووە، کە پاراستنی خۆی پەرە پێ داوە لەسەر بنەمای جیاوازییەکانی.

5- کورد هەوڵی داوە نەبێتە بەشێك لە ململانێی نێو بنەماڵەی بـوەیهی، هەنـدێ جـاریش ناچـار بـووە بـۆ پاراسـتنی ناوچـەکانی لـە جەنگ و تالانی و ماڵوێرانی لایەنگیری ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهی کردووە لە هەردوو باردا لایەنە ناکۆکەکان کۆنە قینیـان بـە تالانکردن و وێرانکردنی ناوچە کوردییەکان دەربڕیوە .

6- لەئەنجامی هەموو ئەو ململانێیانە و بەشدارییەکانی کورد تیایدا ماڵوێرانیەکی زۆر بەسەر کورد و ناوچە کوردییەکاندا هاتووە، لە لەناوچوونی کێڵگە کشتوکاڵی و پیشەگەری وتوانا سەربازی و، کەمبوونەوەی هەژموونی سیاسی، هەروەها دروستبوونی نائارامی و مەترسـی لەسـەر کـرداری بازرگـانی، لەهەمووشـیان گـرنگتر بـەفیرۆچوونی بەشـێکی زۆری توانـا سـەربازی و مرۆییەکانـە، لەئەنجامی بەکوشتچوونی ژمارەیەکی زۆری سەرباز و خەڵکی کـورد لـە ململانێیـەك بـەبێ ئـەوەی هـیچ سـوودێکی نەتـەوەیی و نیشتمانی هەبێت.

7- هەر لەئەنجامی ئەو ململانێیانەدا کە کورد ڕاکێشرایە ناوی لەنێوان میرە بوەیهییەکان بـەهۆی شـەڕ و جەنگـە بەردەوامـەکانی، و هاتنی ڕەگەزی نوێی زاڵی دەسەڵاتدار بۆ ناوچە کوردییەکان، کۆچکردنی بە ژمـارە زۆری کـوردی دانیشـتوانی ڕەسـەنی ناوچەکـە لەژێر فشاردا یان مردنی بەشێکیان لەئەنجامی شەڕەکانەوە، ئەمانە هەمووی بەیەکەوە گۆڕانکاریی زۆریان بەسەر دیمۆگرافیـای ناوچـە کوردییەکانـدا هێنـا، کـە کاریگەرییـەکانیان لـە سـەردەمانی دواتـردا ڕەنگدانـەوەی زۆریـان بەسـەر پێکهاتـەی سـنووری کوردستانەوە هەبوو.

## لیستی پەراوێزەکان:

(ابو الشوك)*:سەرۆك هۆزی شازنجانی بوو کە دانیشتوی هەرێمی چیـا بـوو سـەرەتای دەرکـەوتنی ئـەو کەسـایەتیە دەگەڕێتـەوە بـۆ نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی کاتێك لە ساڵی(339ك/950ز) لەلایەن بوەیهییەکانەوە ئەرکی پاراستنی ڕێگای خوراسانی پـێ رادەسپێردرێت سەرەرای ئەوەی پلەی (معاون)ی شاری حلوانیشی پێبەخشراوە. بروانە: (ابن الأثير، د.ت: 488/8؛النقشـبندي،2011: 146؛ ڕؤوف،2014: 28).

**میرنشینی عەنازیی شـازنجانی***: لەلایەن سـەرۆك هـۆزی شـازنجانی "ئەبـو فـتح محەمـەدی کـوڕی عەنـاز"، هـۆزی شـازنجانی لە هۆزەکانی هەرێمی چییا بوو، ئەو میرنشینە لە ساڵی (٣٨١ك/ ٩٩١ز) لە ناوچـەی حلـوان دامەزراوە، بەڵام دوای ڕووخـانی میرنشـینی حەسنەویی توانیان خاکی ئەو میرنشینەش بخەنە ژێردەسەڵاتی خۆیان لە ساڵی (٤٠٦ك/ ١٠١٦ز). (المسعودي،1938/2: 97؛ بن الأثـير، د.ت: 488/8؛زكي بك،1948: 1/ 127).

میر حسنەوەیهی *: ناوی تەواوی (حەسنەویە کوڕی حوسێنی بەرزیکانیـە) دوای مردنـی (حسـینی بـەرزیکانی) بـاوکی فـەرمانرەوایی هۆزی بەرزیکانی وەردەگرێت، بە دامەزرێنەری میرنشینی حەسنەوەیهی دادەنرێت و نزیکەی بیست و یەك ساڵ میرایەتی کردووە لـە ماوەی نێوان ساڵانی (348/369ك/959/979ز) توانی سـنوری قەڵـەمر ڕەوی خـۆی فـراوان بکـات. بروانـە: (النقشـبندي،2011: 146؛ رؤوف،2014: 23).

السيدة خاتون*: ناوی (شیرین کچی سهبد شروین) بوو، خێزانی (فخر الدولة) بوو، دوای مردنی ئـەو لـە سـاڵی (387ك/999ز) بـووە سەرپەرشتیاری کاروباری (الری) بـەهۆی ئـەوەی ئـەوکات تەمەنی(مجـد الدولـة) بچـوك بـووە مـاوەی بیسـت سـال فەرمانرەوایـەتی کردووە(407ك/1017ز) دوای ماوەیەك لە ساڵی (419ك/1028ز) کۆچی دوایی دەکات. بروانە: (ابن الأثير، د.ت: 9/132-133، 370).

**لیستی سەرچاوەكان:**

**سەرچاوە عەرەبییەكان:**


- أبن الأثير: عزالدين ابي الحسن علي بن محمدبن عبدالكريم الجزري (ت:630هـ/1239م): الكامل في التاريخ، تحقيق: ابوصيب الكرمي، بيت الأفكار (عمان:د.ت).

- ابن بطوطة: محمد بن عبدالله ابن جزري الكلبي (تـ779هـ/1377م): رحلة ابن بطوطة، (القاهرة:2020).
- ابن تغري بردي: جمال الدين ابي المحاسن يوسف الاتابكي (ت:874هـ/1474م): النجوم الزاهرة فى ملوك المصر و القاهرة، مطبعة دار الكتب المصرية، (القاهرة:1933).
- ابن جبير: ابو الحسن محمد بن احمد الكناني الأندلسي (ت:614هـ/1200م): رحلة ابن جبير، دار صادر (بيروت:د.ت).
- ابن الجوزي: أبي الفرج عبدالرحمان بن على بن محمد (ت:597هـ/1200م): المنتظم في تاريخ الملوك و الأمم، تحقيق: محمد عبدالقادر- مصطفى عبدالقادر، دار الكتب العلمية، ط1،(بيروت:1992).
- ابن حوقل: ابو القاسم محمد بن على النصيبي (ت:367هـ/977م): صورة الأرض، دار مكتبة الحياة (بيروت: 1992).
- ابن خلدون: ابوزيد ولى الدين عبدالرحمن بن محمد الأشبيلي: (ت:808هـ/1406م) تاريخ ابن خلدون، تحقيق: أبو صيب الكرمي، بيت الافكار الدولية (بيروت: د.ت).
- الذهبي: شمس الدين أبي عبدالله محمد بن أحمد بن عثمان (ت:748هـ/1349م)، العبر في خبرمن غبر، دار الكتب العلمية، (بيروت:1985).
- تاريخ الأسلام ووفيات المشاهير و الأعلام، تحقيق: بشار غواد معروف، دار الغرب الأسلامي، (بيروت:2003).
- الروذراوري: أبي شجاع محمد بن الحسين بن محمد بن عبدالله (ت:488هـ/1095م)، ذيل تجارب الأمم، دار الكتب العلمية (بيروت:2003).
- سبط ابن الجوزي: شمس الدين أبي المظفر يوسف بن عبدالله (ت:654هـ/1258م)، مراة الزمان في تواريخ الأعيان، تحقيق: محمد أنس حسن-كامل محمد، دار الرسالة العالمية، ط1، (دمشق:2013).
- السيوطى: جلال الدين عبد الرحمان بن ابي بكر (ت:911هـ/1505م): بغية الوعاة في طبقات اللغويين و النحاة، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم،ط٢، دار الفكر، (د.م: ١٩٧٩).
- الصرفي: رزق الله منقريوس، تاريخ دول الأسلام، مطبعه الهلال، (مصر:1923م)ج1.
- ابن العديم: كمال الدين عمر بن احمد بن ابي جرادة (ت:660هـ/1262م): بغية الطلب في تاريخ الحلب، تحقيق: سهيل زكار، دار الفكر، (بيروت:١٩٩٨م).
- العمرى: شهاب الدين أحمد بن يحيى ابن فضل اللة (ت:749هـ/1348م): مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، تعقيق: كامل سليمان جبوري، دار الكتب العلمية، (بيروت:2010).
- ابن الفوطي: كمال الدين أبو الفضل عبدالرزاق بن أحمد(ت:723هـ/1323م): مجمع الاداب في معجم الألقاب، تحقيق: محمد الكاظم، وزارة الثقافةوالإرشاد الإسلامي، (تهران:1416هـ).
- القاشي: أبو العباس أحمد بن علي بن بابه (ت:510هـ/1116م): رأس مال النديم في تواريخ أعيان أهل الأسلام، تحقيق: محمد عبد القادر خريسات، مركز الزايد للتراث و التاريخ، (الإمارات:2001).
- القرماني: ابو العباس احمد بن يوسف بن احمد الديمشقي (ت:1019هـ/1610م): اخبار الدول واثار الاول في التاريخ، تأليف: أحمد حطيط-فهمي سعد، عالم الكتب، (بيروت:1992).
- ابن كثير: عمادالدين إسماعيل بن عمر بن كثير القريشي الشافعي (ت:774هـ/ 1373م): البداية والنهاية، تحقيق: حسان عبدالمنان، بيت الأفكار الدولية، (بيروت:2004).
- المسعودي: أبي الحسن على بن الحسين بن على (ت:345هـ/957م):
- التنبيه والأشراف، تحقيق: عبدالله أسماعيل، المكتبة المثنى، (بغداد:1938).1
- مروج الذهب ومعادن الجوهر، ترجمة: كمال حسن مرعي، المكتبة العصرية (بيروت:2005).2
- مسكوية: أبي علي أحمد بن محمد بن يعقوب (ت:421هـ/1030م): تجارب الأمم، تحقيق: سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية (بيروت:2003).
- مؤلف مجهول: حدود العالم من المشرق الى المغرب، (كتبه عام372هـ): تحقيق: يوسف الهادي، دار الثقافية للنشر (القاهرة:1999).
- النويرى: شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب (ت:733هـ/1332م): نهاية الأرب في فنون الأدب، تحقيق: نجيب مصطفى- حكمت كشلي، دار الكتب العلمية، (بيروت:2004).
- ابن أبي الهيجاء: عزالدين محمد بن أبي هيجاء ابن محمد الهذباني الاربيلي (ت:700هـ/1301م): تاريخ ابن أبي الهيجاء، تحقيق: صبحي عبدالمنعم محمد، مطبعة الشروق (القاهرة:1993).
- ابن الوردي: زين الدين عمر بن مظفر (ت:749هـ/1375م): تاريخ ابن الوردي، دار الكتب العلمية، (بيروت:1996).
- ياقوت حموى: شهاب الدين أبي عبدالله (ت:626هـ/1229م): معجم الادباء إرشاد الأديب، تحقيق: إحسان عباس، دار الغرب الاسلامى، (بيروت:١٩٩٣م).


**سەرچاوە كوردییەكان:**


- ئەحمەدی خانی: (م:١١١٨ك/١٧٠٧ز) مەم و زین، مطبعة نجم استقبال (اسنبول:١٩١٩).
- بەدلیسی: شەرەف خان، شەرەفنامە، و: مامۆستا هەژار، پەخشانگای پانیز، چ6 (سنه:2010).

- ئیبن خەلدون: ابوزید ولی الدین عبدالرحمن کوری محمد الأشبيلي، (ت:808هـ/1406م) موقەدیمەی ئیبن خەلدون، و: سەعید بەشیر، چاپەمەنی گەنج، (سلێمانی:2016).
- فارقی: ئیبنو ئەرزەقی: أحمد بن یوسف بن علی الأزرق (ت:572هـ/1176م): مێژووی میافارقین و ئامەد، و: قادر محمد پشدەری- ئاکۆ بورهان، چاپخانەی مناره (هەولێر:2007).

**سەرچاوە نوێیە عەرەبیەکان:**

- بولاديان: أرشاك، الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ترجمة: الكسندركشيشيان، مطبعة ئاراس، (اربيل:2013)،
- الجمل: فهد محمد ديب، الخلافة العباسية في عصر الدويلات (السامانيةوالبويهية و السلجوقية والخوارزمية)، مطبعة الصيرفي، ط1 (غزة:2002)
- حسن: قادر محمد، الامارات الكوردية في العهد البويهي، مطبعة رۆژهەلات (اربيل:2011).
- الخالدي: فاضل، الحياة السياسية ونظم الحكم في العراق، دار الأديب (بغداد:1969).
- خليفة: حسن، الدولة العباسيه قيامها و سقوتها، مطبعة الحديثة، (القاهرة:1931).
- خليل: أحمد محمود، تاريخ الكرد في عهود الأسلامية، دار الساقي، (بيروت:2013) .
- زكي بك: محمد أمين، تاريخ الدول والإمارات الكوردية في عهد الإيسلامي، ترجمة: محمد على عونى، مطبعة السعادة( مصر:١٩٤٨)1.
- خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، ترجمة: محمد على عوني، ترجمة: محمد على عوني، مطبعة السعادة، (القاهرة:1939)2.
- طلس: محمد أسعد، عصر الانحلال تاريخ الأمة العربية، مطبعة هنداوي، ج6 (د.م:2020).
- عزام:خالد، موسوعة تاريخ الإسلامي (العصر العباسي)، دار أسامة، (عمان:2009).
- محمد: آكو برهان، كوردستان (من القرن٤-٥٧/ ١٠-١٣م) دارسة في النظم التجارية والمالية، مطبعة شهاب، (اربيل:٢٠١١).
- مرجونه: ابراهيم محمد على، الكرد في العصر العباسي دراسة سياسية حضارية، دار التعليم الجامعي، (الأسكندرية :2020)
- مرعي: فرست، الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، دار سپيريز، (دهوك:2005).
- النقشبندي: حسام الدين علي غالب، الكرد في لرستان الصغرى(الشمالية) وشهرزور خلال العصر الوسيط ، مطبعة شڤان، (السليمانية:2011).

**سەرچاوە نوێیە کوردییەکان:**

- بابان: شوکرولا، مێژوویی کورد و کوردستان، چاپخانەی شڤان، (هەولێر:2004).
- ڕەسوڵ، ئیبراهیم ڕەسوڵ: کاریگەرییەکانی لەشکرکێشی هێزە بیانییەکان بۆ سەر کوردستان لەماوە نێوان هەردوو سەردەمی (4-8ك/1014ز)دا ،چاپخانەی لەریا، (سلێمانی:2013).1
- پێکهاتەکانی کوردستان لە سەردەمی عەباسیدا، چاپخانەی نارین، (هەولێر:2020) چ1. 2
- ڕۆژبەیانی، محمد جمیل: مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، (هەولێر:ب.س).
- زەینەل: ئاراس فەریق، دیبلۆماسیەتی کورد لەسەردەمی بوەیهییەکان دا، چاپخانەی کمال (سلێمانی:2012).
- محەمەد: ئاکۆ بورهان، میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، چاپخانەی چوارچرا، (هەولێر:2020)چ2.
- مەکیاڤیللی: میر، و: بەختیار ئەحمەد ساڵح، چاپخانەی گەنج، (سلێمانی:٢٠١٩).
- موکریانی: کوردستانی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، دەزگای ئاراس، (هەولێر:2007).
- هەروتی: مەهدی عوسمان، ڕۆڵی سەربازیی کورد لە دەوڵەت و میرنشینە نا کوردییەکان لە سەردەمی عەبباسیدا، چاپخانەی خانی، (دهۆك:2008)

**نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:1- بە زمانی کوردی:**

- رۆوف: نەوزاد خالد، ململانێ ناوخۆییەکانی ناومیرنشینە کوردییەکان لە سەدەی پێنجی کۆچی و یازدەی زایینیدا، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشە بە ئەنجوومەنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر:2014).

**نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە :2- بەزمانی عەرەبی:**

- أبو رمضان: ممدوح محمد حسن، إقليم الجبال خلال العهد البويهي و السلجوقي الأول، رسالة دكتوراه غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية الآداب، جامعة جنوب الوادي، (سوهاج-1999ز).
- الزواهرة: عمر خلف عبدالمحسن، العراق خلال عهد عضدالدولة (٦٧-٣٧٢هـ/ ٩٧٨-٩٨٣ز)، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الآداب و العلوم الأسلامية، جامعة آلبيت، (الأردن:٢٠١٠).
- أبو سبت: محمد نواف عبدربة، واقع الحياة العامة في العراق زمن البويهيين، رسالة الماجستير مقدمة الى مجلس كلية الآداب، جامعة الإسلامية، (غزة:2018).
- القزويني: عادل عاجل روضان، المؤسسات الإدارية البويهية في العراق، رسالة الماجستير مقدمة الى مجلس كلية الدراسات العليا، جامعة مؤتة، (الأردن:2015).

**گۆڤارەکان:**

**1- بە زمانی کوردی:**

- تۆفیق: زرار صدیق، میر هەزار ئەسپ کوڕی بەنگێرکوڕی عەیازی کورد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ8، بB، (سلێمانی:2001).

- شمال حميد محمد-زرار صديق توفيق: هۆکارە ناوخۆییەکانی لەناوچونی میرنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە سەدەکانی سێیەم و چوارەمی کۆچی/نۆیەم و دەیەمی زایینی، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژ3، (زاخۆ:2019).

**2- بە زمانی عەرەبی:**

- خرابشة: سليمان، إمارة بني حسنويه فى بلاد الجبال، مجلة أبحاث اليرموك، مج14، ع4 (اليرموك:1998).
- عثمان: عطا عبدالرحمان-صلاح كانبي - شوان، الصراع داخل الاسرة البويهية ودور إمارتي بني حسنوية وبني عناز فيها، مجلة كلية التربية، ع40 (واسط:2020).
- لفتة: حيدر خضير مراد، المير بدر بن حسنوية (ت:405هـ/1014م) سيرته و دوره السياسي في العصر البويهي، مجلة جامعة كربلاء العلمية، مج16، ع4(كربلاء:2018).
- المحيميد: على بن صالح بن على: إمارة بني حسنويه الاكراد و علاقتها بالدولة البويهية، مجلة تاريخ العربي، ع27 (الرياض:2003).

## پاشکۆ




پاشکۆی ژمارە (1) نەخشەی هەرێم وناوچە کوردنشینەکان. وەرگیراوە لە (**مەهدی عوسمان هەروتی:** ئەهامەتی و کارەساتەکانی کوردستان، ل409)

# The Situation of the Kurdish Residencies During the Conflict of Bwayhy Princes

# (334 -744 AH/ 946-1055 AD)

**Diyar Maher Tahir Bapshti**
Department of History-Faculty of Arts/ Soran University
diyarmahir8@gmail.com

**Mahdi Osman Hussein**
Department of History-Faculty of Education
Koya University
Mahdi.haruti@koyauniversity.org

**Abstract**

Kurds, as a famous nation during the middle centuries, have been affected by other nations' conflicts. Bwayhy Family is an obvious instance of those conflicts that Kurds had a crucial role, because of the family's power on Kurds which had been used for personal or family benefits. The important role of Kurds in those conflicts can be clearly noted through the consequences of those conflicts on Kurds themselves. This study focuses on the role of Kurds on the conflicts and their effects on Kurdish homeland during the Bwayhy's colony. The nature of study claims to contain two main parts. Part one includes the Kurds' perspective in Bwayhy's princes conflicts; part two is specified for the situations of Kurds' residences through the conflict.

**Keywords:** Kurds, conflict, economy, Kurdish regions.

## وضع الناطق الكوردية في الصراع ا لأمراء البويهيين (334-447 هـ/ 946-1055 م)

**ديار ماهر طاهر بابشتي**
قسم التاريخ ـ كلية الآداب/ جامعة كوية
diyarmahir8@gmail.com

**مهدي عثمان حسين**
قسم التاريخ ـ كلية التربية /جامعة سوران
Mahdi.haruti@koyauniversity.org

**الملخص**

الكورد كعنصر معروف وبارز طوال العصور الوسطى الإسلامية، وقع تحت تأثير النزاعات العنصرية والمكونات المختلفة. ومن بينها النزاعات التي كانت موجودة في الأسرة البويهية. وكون الكورد جزءا من هذه النزاعات بسبب هيمنة الأسرة البويهية على السلطة، و استغلال نفوذهم من أجل مصالحهم الشخصية.

ونلاحظ ان الدور الذي مثله الكورد في النزاع والمنافسة بين أمراء الأسرة البويهية كان له تداعيات واضحة على حياة الكورد .
في هذا البحث نقوم بتحليل هذه الظاهرة ، ونسلط الضوء على دور الكورد في النزاعات التي كان لها تاثيرا على الأوضاع بشكل عام في بلاد الكورد في تلك المرحلة التاريخية التي ذكرناها سابقا.
وقد ارتأينا توزيع البحث على مقدمة ومبحثين وخاتمة. في المبحث الاول نقوم بعرض موقف الكورد في النزاعات التي كانت داخل الأسرة البويهية. وفي المبحث الثاني سنوضح ظروف المناطق الكوردية في إطار نزاعات الأسرة البويهية. حيث نعرض دور الكورد في النزاعات التي دارت بين أمراء الأسرة البويهية. ثم تأتي الخاتمة لتضم أهم النتائج التي توصل إليها البحث.

**الكلمات المفتاحية:** الأكراد ، الصراع ، الاقتصاد ، المناطق الكوردية.